# ڕەنگدانەوە و ڕۆڵی یوفیمیزم لە گوتاری میری بۆتان لە چوارچێوەی "مەم و زین" ی ئەحمەدی خانیدا

**پ.هـ.د. خالد مغدید کانبی**

بەشی کوردی - کۆلێژی پەروەردەی مەخموور - زانکۆی سەلاحەدین/ هەرێمی کوردستانی عیراق

**پ.هـ.د. شاین حمدامین صادق**

بەشی کوردی- کۆلێژی پەروەردەی مەخموور - زانکۆی سەلاحەدین /هەرێمی کوردستانی عیراق

**پۆختە:**

یوفیمیزم وەك چەمکێکی زمانی لە زمانەوانی کارەکیدا، تێرمێکە ڕێگە دەدات بە بەکارهێنانی پەیڤێکی جوان و سەرنجڕاکێش؛ لە بڕی وشە و دەستەواژەی ناخۆش و تابۆیی و قەدەغەکراوەکانی ناو کۆمەڵگە، جا بەهۆکاری ئایینی، سیاسی، جڤاکی ...تاد بێت. لەم سۆنگەیەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی پات دەکاتەوە کە بەکارهێنانی یوفیمیزم لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بەکاردێت، بۆیە ئەدەب و هونەریش لێی بێ بەش نین. بەوەی کە زۆرجار ئەدیب پەنا بۆ دەربڕینە یوفیمیزمەکان دەبات، بۆ ئەوەی پەیامەکەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بگەیەنێت، بە واتایەکی دیکە بەهەمان مانا، وەلێ بە فۆرمێکی جیاواز و شێوازێکی نەرم و نیانتر، بە ڕەچاوکردنی لایەنی هەست و سۆز و خۆ بەدوورگرتن لە بەکارهێنانی وشە قەدەغەکراوەکان. دەکرێ لە کورتترین پێناسەدا بڵێین: یوفیمیزم بریتییە لە دەربڕینێکی تاڵ لە توێکڵێکی شیریندا.

"مەم و زینی خانی" یش وەک بەرهەمێکی ئەدەبی دەگمەن بێگومان بێبەش نییە لە شێواز و دەربڕینە یوفیمیزمەکان. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە؛ بۆ گرنگی بەکارهێنانی یوفیمیزم لەم چیرۆکە شیعرییەدا بەدەردەکەوێت، چونکە ئەم بەرهەمە پێشاندەری گوتاری میری بۆتانە. لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە میتۆدی (شیکاری لێکسیکی سیمانتیکی) هەوڵدەدرێت گوتاری میری بۆتان لە ڕوانگەی بەکارهێنانی دەستەواژە یوفیمیزمەکان شرۆڤە بکرێن. هەمدیس ڕۆڵ و گرنگی دەستەواژە یوفیمیزمیەکان لە گەیاندنی پەیامی سیاسیدا دەخرێنەڕوو. کە ئاخۆ تاچەند پەیڤ و تێرم و دەربڕینە یوفیمیزمیەکان دەبنە هۆکاری ڕەواندنەوەی دەربڕینە تابۆ و دیسفیمیزمیەکان . بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدراوە وشە لێکسیکییەکان دابەشی سەر چەند گروپێک، وەکو: خواستنی وشە لە زمانی بێگانە، بەکارهێنانی مێتافۆر و درکە بکرێت. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم راڤەکردنە بۆ گوتاری میری بۆتان لەم دەقە ئەدەبییەدا، بریتییە

لەبەکارهێنان و خواستنی وشە لە زمانی بێگانە، وەکو: لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی، بەئامانجی خۆلادان لە دەربرینە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان، ئەمەش بە مەبەستی ڕەواندنەوەی شەڕانگێزی سیاسی و کەنفلیکتی زمانی و شەرم و ترس.

**پەیڤێن سەرەکی:** *گوتاری میری بۆتان، مەم و زینی ئەحمەدی خانی، یوفیمیزم، دیسفیمیزم، تابو.*

---

**پێشەکی:**

هەروەکو دەزانین کە زمان دیاردەیەکی ئالۆزە، چونکە زمان فرە ڕەهەندە، وەکو: ڕەهەندی ئایینی، سیاسی، کۆمەلایەتی ، دەروونی و ...تاد. بەو مانایەی ئەگەر زمان نەبوایە لێک تێگەیشتن زۆر زەحمەت دەبوو. شایەنی باسە هەموو گۆڕانێك لە ئاستەکانی هزری، ڕۆشنبیری، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی ... لە کۆمەڵگەدا، ئەوا بێگومان گۆڕانی زمانی بەدوادا دێت و کاریگەری لە زماندا دەبێت. بەو واتایەی کە زمان ڕەنگدانەوەی بەرهەمی هزر و کلتور و ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیەیە کە قسەی پێ دەکەن. ئەمەش پرسی پەیوەندی لەنێوان زمان و کۆمەڵگەدا دێنێتە ئاراوە. چونکە پەیوەندییەکی تەواوکارییە و بەبێ یەکتر هەڵناکەن.

بەو پێیەی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە؛ مرۆڤەکان بۆ پەیوەندیکردن بەکاری دێنن. هەروەك ئاشکرایە پەیوەندی دروستکردنیش بەشێوازی ڕێزگرتن و نەرم و نیانی و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی جوان و سەرنج ڕاکێش سەرکەوتووتر دەبێت. بە واتایەکی دیکە بۆ دروستکردنی هەر جۆرە پەیوەندییەکی ئایینی، سیاسی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئەوا پەنا دەبرێتە بەر ڕەچاوکردنی لایەنی دەروونی بەرانبەر و هەوڵدەدرێت لەڕێگەی وشەی جوان و سەرنجراکێش و ڕێزگرتن سەرنجی وەرگر رابکێشرێت، لەولاشەوە دوورکەوتنەوە لە دەربڕینە تابۆ و قەدەغەکراوەکان خاڵی سەرەکییە.

یەکێک لەو دیاردە نوێیانەی کە زمانەوانی بەگشتی؛ زمانەوانی کارەکی بەتایبەتی لە ئێستادا خۆی پێوە خەریککردووە، بابەتی یوفیمیزمە. یوفیمیزم؛ ئەگەرچی لە نێو کارە ئەکادیمی و زانستییەکانی جیهان دا بایەخ و پێگەی تایبەتی هەیە و لە زۆرێک لە زمانەکاندا بووەتە ماددەیەکی خام بۆ لێکۆڵینەوە زانستییەکان لەبوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و زمانی. چونکە چەمکی یوفیمیزم لە نێو تەواوی کایەکانی ژیاندا، ڕەنگدانەوەی هەیە و دەکرێ لە هەر شوێن و کاتێکدا، لەهەر کار و کردوە و قسەیەکدا هەست بە بوونی بکەین، دەکرێ بە کورتترین پێناسە بۆ ئەم چەمکە بڵێین: یوفیمیزم بریتییە لە دەربڕینی قسەیەکی تاڵ لە تویکڵێکی شیریندا. هەر لەم سۆنگەیەوە دەتوانین هۆکارەکانی بەکارهێنانی یوفیمیزم لە هۆکاری ئایینی، پیشە

مەترسییەکان و زاراوە پزیشکییەکان و گوتارە سیاسییەکان و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان و ناوی ئەندامەکانی لەش و .....تاد. کۆبکەینەوە.

لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە میتۆدی (شیکاری لێکسیکی سیمانتیکی) هەوڵی شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی گوتاری میری بۆتان لە ڕوانگەی بەکارهێنانی دەستەواژە یوفیمیزمیەکان دراوە. هەروەها ڕۆڵ و بایەخی دەستەواژە یوفیمیزمیەکان لە گەیاندنی پەیامی سیاسیدا دەخرێنەڕوو. لە شرۆڤەکردنی گوتاری میری بۆتان لە " مەم و زینی خانی "دا توێژەران پشتیان بە چاپی ڕەسەنی (مەم و زینی ئەحمەدی خانی) ساڵی ١٩١٩ – ئەستەمبوڵ بەستووە، کە پێشەکی و لە چاپدانەوەی لەلایەن نەجاتی عەبدوڵلاوە کراوە، لە دووتوێی کتێبکدا لە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن دەزگای ئاراس لە هەولێر بە ژمارە سپاردنی ٦٨٩ ، بە قەبارەی ١٧١ لاپەرە لە چاپدراوە.

سنووری توێژینەوە بریتییە لە دەستنیشانکردنی چەمکە یوفیمیزمییەکان لە گوتاری میری بۆتان، لە چوارچێوەی "مەم و زینی ئەحمەدی خانی"دا. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدراوە وشە لێکسیکییەکان دابەشی سەر چەند گروپێک، وەکو: خواستنی وشە لە زمانی بێگانە، بەکارهێنانی مێتافۆر و درکە بکرێت.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەمکی یوفیمیزم لە ئێستادا بابەتێکی سەردەمیانە و زیندووە لەنێو زمانەوانی کارەکیدا. بەهۆی کەمی کارکردن لە زمانی کوردیدا لەسەر ئەم چەمکە نوێیەی زمانەوانی، هەروەها مەم و زین کە سەروەتێکی گرنگی نیشتمانی و نەتەوەیی میللەتی کوردە. وەك ئاشکرایە کە زمان و شێوازی خانی لەو پەڕی هونەری بەرز و ئیستاتیکا و دەربڕینێکی تایبەتی هەیە. لەم سۆنگەیەوە کە یوفیمیزمیش هەڵاوێردکردن و دانانی پەیڤ و دەستەواژەی جوان و سەرنجراکێش و دوورکەوتنەوەیە لە کەنفلیکت و کرێتی و شەڕانگێزی.

گرفتی توێژینەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئایا تا چ ڕاددەیەك خانی لە مەم و زین دا پەیڕەوی یوفیمیزمی بۆ مەبەستی کرێتی و تاڵی و ناشیرینییەکانی گوتاری میری بۆتان کردووە. ئاخۆ ئەو دەقەی خانی دەکرێ لە گەڵ چەمکێکی ئەو سەردەمە نوێیەی زمانەوانییدا بگونجێت کە یوفیمیزمە، یان چۆن بتوانین دەقە ئەدەبییە بەرز و مێژووییەکانمان بە نەوەکانی ئێستامان بگەیەنین. دەکرێ لە دەقی مەم و زین دا خانی هەوڵی کەمکردنەوەی کەنفلیکت و شەڕانگێزی و ململانێ سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی دابێت.

### ١ – یوفیمیزم (چەمک و زاراوە):

#### ١ – ١ – زاراوەی یوفیمیزم:

یوفیمیزم لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە، پێکهاتووە لە (eu) کەبە مانای باش، هەروەها (pheme) بەواتای ئاخاوتن دێت، بەیەکەوە بەمانای ئاخاوتنی باش یان جوان، هێمنی بپارێزە یان بەکارهێنانی وشە بۆ نیشانەی باش یان جوان دێت. [ناوخۆش، ٢٠١٢: ٦٩]. لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی یوفیمیزم هەریەکە لە تێرمەکانی ((جوان بێژی))[مەعروف، ٢٠١٣: ٢٤٩] هەروەها ((جوانی دەربڕین)) [فەرەج، ٢٠١٣: ١٣٤] بەکاردێت. وەلێ توێژەران پێیان وایە کە زاراوەی یوفیمیزم وەکو خۆی بەکاربێت و پێویست ناکات وەربگێردرێت، چونکە یوفیمیزم دەستەواژەیەکی زانستییە لە بواری زماندا، پێوستە بە ڕەچاوکردنی لایەنی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی زمان بەکاربێت.

زاراوەی یوفیمیزم لە زمانە جیاوازەکان بەشێوەی جیاواز هەوڵی ناساندن و وەرگێرانی دراوە، هەروەکو لە زمانی روسیدا (эвфемизм - ئێفێمیزم) بە رەچاوکردنی لایەنی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی زمانەکە دەردەبڕدرێت، بەو مانایەی کە سودیان لە وشە رەسەنەکە وەرگرتووە و وەریان نەگێراوە [سێنیچکینە، ٢٠٠٨: ٦]. کە چی لە زمانی عەرەبیدا (حسن التعبیر، الاسلوب الحکیم) کە بەمانای ((ئەوەیە قسەکەر هەر کاتێك وشەیەك دەردەبڕێت؛ دوو واتا و مەبەستی هەیە، یەکەمیان: واتەی نزیکی نا سەرەکی، مانای دووەم: بریتییە لە واتای سەرەکی. لەلای گوێگر مانایە ناسەرەکییەکە ڕوونە. وەلێ مانا سەرەکییەکە ناڕوون و نائاشکرایە و دەچێتە چوارچێوەی گریمانەکردن))[هاشمی، ١٩٤٣: ٣٠١]. هەروەها لە زمانی فارسیشدا بە هەمان شێوە هەوڵی وەرگێرانی دراوە و ((حسن تعبیر)) بەکاردێت [ئیبراهیمی، ٢٠١٢: ٦٤٤].

#### ١ – ٢ – چەمکی یوفیمیزم:

لە زمانی کوردیدا زۆربەی دەربڕینە قەدەغەکراوەکان پەیوەندیان بە (مردن، سێکس، نەخۆشی کوشندە، کفر)ەوە هەیە. کە ناوهێنانیان بە بڕوای کۆمەڵگەی کوردی کاریگەرییەکی دەروونی نێگەتیڤیان لەسەر قسەکەر و گوێگر هەیە، بۆیە کەسی قسەکەر هەوڵدەدات وشەی هاوواتا بەکاربێنێت، بۆ ئەوەی کەسی بەرانبەر هەست بە دڵگرانی و کەنفلیکت نەکات [شەمس، ٢٠٠٦: ١٢٨]. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو وشە تابۆیانە بونەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی، چونکە ناوێك چەندین ناوی دیکەی لێنراوە، ئینجا بەهۆی ترس یان شەرم، ڕێزگرتن یان هەر هۆکارێکی دیکە بێت. نیشانە بۆ نیشانەکراو دادەنرێت، بێگومان ئەمەش بەپێی سەردەم دەگۆڕێت، بۆ نمونە: دەرپێی کورت: جلی ژێرەوە. لیباس: ئەندەروەی [حوسێن، ٢٠١٠: ٣٦].

کەواتە یوفیمیزم بریتییە لە پیشاندانی جوانی و جوان نووسین و هەبوونی هیوا و ئومێد لە درکاندنی هەر پەیڤێك بەوەی ئومێدێك لە پشت وشەکە هەیە. یوفیمیزم بریتییە لە ((وشەیەك یان دەربڕینێك کە جێگەی وشەیەکی دیکە دەگرێتەوە، بۆ دۆخێکی دیاریکراوی وەکو شەرم، ترس، یان دوورکەوتنەوە لە کەنفلکت و ململانێ بۆ نموونە: تەمبەڵ لەبڕی گەمژە)) [ئۆژێگێف، ٢٠١٢: ٨٣١]. یوفیمیزم، چەمکێکی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و شارستانییە، بۆ ڕێزگرتن و خۆ بە دوور گرتن لە دەربڕینی قورس و روشێنەری حەیا و زۆرجار لە سنووری ئەدەب دەردەچێت و دەچێتە خانەی خۆبردنە پێش.

نزیك بەم مەسەلەیە ئالان و بێریج دەربارەی یوفیمیزم دەڵێن: ((قسەکەر پەیڤی یوفیمیزم بەکاردەهێنێت لە شوێنی وشە و دەربڕینی ناپەسەند و بۆ مەبەستی نەهێشتنی شەرم و ڕێزگرتن لە کەسی گوێگر)) [ئالان و بێریج، ٢٠٠٦: ٣٣]. ئەوەی شایەنی باسە یوفیمیزم؛ لەئێستادا لە زۆربەی کایەکانی ژیان وەك ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری چالاکە و بەکاردێت. یوفیمیزم هەڵبژاردنی وشە و واتایە؛ بۆ رەچاوکردنی باری دەروونی گوێگر، یان گۆڕینی پەیڤێکە بە وشەیەکی دیکەی جوان و سەرنجڕاکێش. واتە لە ڕێگەی باسکردنی سیفەتی شتێك بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ، لەو دەربڕینانە دەبێت کە دوو واتایان هەیە، واتایەکی بنچینەیی و مانایەکی مەبەست. واتا بنچینەییەکە تارادەیەک تابۆیە، کەواتە دەکرێ ببێژین یوفیمیزم واتای دروستە بۆ واتای مەبەست.

ئەوەی راستی بێت بابەتی یوفیمیزم لە زمانی کوردیدا بابەتێکی نوێیە، لەگەڵ ئەوەی لە زمانەکانی روسی و عەرەبی و ئینگلیزی؛ زۆر دەمێکە لە بواری زمانەوانی کارەکیدا کاری لەسەر کراوە. هەندێک پێیان وایە کە یوفیمیزم کە جێگرەوەی تابۆیە، بەڵام ئەوەی شایەنی هەڵوەستە لەسەرکردنە هەر یەکە لە تابۆ و یوفیمیزم دوو چەمکی سەربەخۆ و جیاوازن. هەروەکو یوفیمیزم ((ڕێگەیەکە بۆ جوان بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی ناپەسەند و نەگونجاو لەلایەن کۆمەڵگاوە، بەشێوەیەك کە لایەنی نێگەتیڤی دەربڕینەکان پەردەپۆش دەکات و کاریگەری خراپ بۆ گوێگر کەم دەکات. کەچی پێچەوانەکەی بۆ تابۆ ڕاستە)) [واردۆخ، ١٩٨٦: ٢٣٨].

هۆکاری بەکارهێنانی یوفیمیزم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێك بابەتە تابۆییەکان ڕێگری کلتوری و کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی دەبنە هۆی دەربڕینیان، ئا لێرەدا لە زمانەوانیدا بابەتی (جوانی دەربڕین – حسن التعبیر - Euphemism) دێتە پێشەوە. بەو پێیەی یوفیمیزم دەبێتە جێگرەوەی دەربڕاوە تابۆییەکان. بە واتەیەکی دیکە؛ یوفیمیزم ڕێگایەکە لە زماندا بۆ خۆ بە دوورگرتن لە گوتنی راستەوخۆی شتە بێگومانەکان بەکاردێت. نەگوتنی ئەم دەستەواژە تابۆییانە لەبەر ئەوە نییە کە ناتوانرێت بگوترێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە خەلکی قسە دەربارەی ئەم شتانە ناکەن، یاخود ئەگەر ئەم شتانە قسەیان

لەسەرکرا، ئەوا بەشێوەیەکی زیرەکانە، یان فێڵبازانە قسەیان لەسەر دەکرێت [فەرەج، ٢٠١٣: ١٣٤-١٣٥].

**١ – ٣ – جۆرەکانی یوفیمیزم:**

لەنێو سەرچاوەکانی زمانناسیدا توێژەران یوفیمیزم دابەشی سەر چەند جۆرێک دەکەن، ئەوانەی خوارەوە گرینگترین جۆرەکانی یوفیمیزمن:

١- یوفیمیزمی ئاشکرا: بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەردەبڕدرێت و هیچ یارییەکی زمانی تێدانییە و، وشە و دەربڕینی جوان لەبڕی پەیڤی دیسفیمیزم و تابۆ بەکاردێت، ئەمەش بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتی خۆی و بەرانبەرەکەی جا لەبەر هۆکاری ئایین و ترس و شەرم یان هەر هۆکارێکی دیکە بێت [مستەفا، ٢٠١٣: ٤٣]. وەکو: شەکری شکاند لەبڕی درۆی کرد، چوون بۆ دەستشۆر لەجیاتی چوون بۆ تەوالیت، نووستن لەبڕی سێکس کردن، بەکاردێن. ( وشەی دیسفیمیزم لە بنەڕەتدا پەیڤەکا یۆنانییە، لە دوو بەش پێک دێت، بەشی یەکەمیان (Dys) بەواتای خراپ و دووەمیان (Pheme) بە واتای ئاخاوتن دێت، هەردوو وشەکە بەیەکەوە بەمانای (ئاخاوتنی خراپ) دێت. بۆیە دەکرێ بڵێین: دیسفیمیزم: پێچەوانەی یوفیمیزمە، بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو وشە و دەربڕینە تابۆییانەی کە بەشێوەیەکی توندتر و خراپتر بۆ مەبەستی دروستکردنی کاریگەرییەکی نێگەتیڤانە لەسەر گوێگران بەکار دێت).[مستەفا، ٢٠١٣ : ٥١].

٢- یوفیمیزمی شاراوە: شاردنەوەی تابۆیەکە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ، زیاتر لەبواری بازرگانی و سیاسی بەکاردێت. ئەمجۆرەی یوفیمیزم هەڵگری ناڕاستی و فێڵبازییە و بۆ ئامانجی خراپ بەکاردێت، هەروەکو لە زمانی کوردیدا وشەی (گەندەڵی، بە هەدەردانی سامانی دەوڵەت) لەجیاتی پەیڤی (دزین) بەکاردێت. بەو مانایەی پەیڤی (دزیکردن) وێنەیەکی ناشیرین و ناخۆش بۆ گوێگر دروست دەکات. هەروەها لەبواری سیاسیشدا وشەی (ڕزگارکردن) لەجیاتی (داگیرکاری) بەکاردێت، هەروەکو ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ کە عێراقی داگیر کرد، ناوی لێنا ئازادکردنی عێراق [ژێدەری پێشوو: ٤١].

ئەمجۆرە یوفیمیزمە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گوتاری سیاسیدا، چونکە دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوە و نەهێشتنی کەنفلیکت و شەرانگێزی نێوان دوو لایەن ((سیاسەتمەداران هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی خۆیان بەدوور بگرن لە بەکارهێنانی هەر شێوازێکی زمانی کە ببێتە مایەی شەرمەزاری و بێزێزی و کەنفلیکت و شەرانگێزی سیاسی، تایبەت لە گوتاری سیاسید؛ پەنا دەبەنەبەر دەربڕینە یوفیمیزمەکان)) [فێرناندێز، ٢٠١٨: ٢٨]. واتە لە جیاتی دەربرینە دیسفیمیزم و تابۆییەکان گوتاربێژ هەوڵدەدات لە ڕێگەی یوفیمیزمی هەمان زمان یان قەرزکراو یاخود ئیدیۆم و میتافۆرێکی جوان و سەرنج ڕاکێش هەڵبژێرێت،

بەمەبەستی رازیکردن و کەمکردنەوەی کەنفلیکت و شەڕانگێزی لەگەڵ لایەنی بەرانبەر، تایبەت ئەو هێزانەی نایارن لە ڕووی ئایینی، سیاسی، ئابووری ...تاد.

**٢ – دەستەواژە یوفیمیزمییەکان لە دەقی "مەم و زین"ی خانیدا:**

**٢ – ١ – شرۆڤەکردنی دەستەواژە یوفیمیزمییەکان وەکو گوتاری میری بۆتان لە "مەم و زین"دا**

گوتاری "میری بۆتان" لە چوارچێوەی "مەم و زین"ی "ئەحمەدی خانی"دا بابەتێکی نوسراو و ئاماژەپێکراوی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو خانی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ؛ بیروڕا و ئایدۆلۆژیاکان، لەژێر ئەو پەیامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە لە مەم و زیندا هەیە دەردەبڕێت. ئەوەی شایەنی باسە "مەم و زین" ڕاستە دەقێکی ئەدەبی و ئەڤینییە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا سەرلەبەری دەقەکە؛ پەیامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت، بۆیە توێژەران لە نێو ئەو پەیامەدا هەوڵیانداوە ئایدۆلۆژیای میر ببینین و لە زاری "خانی"یەوە دەستنیشانی دەستەواژە یوفیمیزمییەکانی بکەن. لەو سەردەمەدا کە خانی دەست بەنوسین دەکات تەمەنێکی کەمی هەیە، دەتوانین بڵێین کە خانی دوای داگیرکارییەکانی عوسمانی نوێنەرایەتی میر و میرنشینەکانی کردووە.

پاڵپشت بە سەرچاوە مێژووییەکان "خانی" لە تەمەنی (١٠)ساڵان بووە؛ ئەو کاتەی کە (بدلیس و هەکاری و ئامێدی) لەژێر دەسەڵاتی کورداندا نەمان و، لە ساڵی (١٦٦٠ز) کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان. دواتر عوسمانییەکان بە سەرکردایەتی (ملک ئەحمەد پاشا) زاوای (سلطان مراد) لە ساڵی (١٦٦٦ز) هێرشێکی فراوان دەکەنە سەر میر(عبدال خان) کە میری بدلیس بوو، لە ئەنجامدا کوشتارێکی زۆری لێ دەکەوێتەوە و هەموو شتێک لەناو دەبەن و میر(عبدال خان) بە حاڵ ڕزگاری دەبێت. بۆیە خانیش کە ئەوکات تەمەنی لە (١٤)ساڵان تێپەڕی کردووە و دێت "مەم و زین" دەکاتە بەهانەیەك؛ بۆ خستنەڕووی پرۆژە نیشتیمانییەکەی لە دژی ئەو بارودۆخە سیاسی و جڤاکییەی کە کورد لەو سەردەمەدا تێی کەوتبوو، لە ژێر چەپۆکی دوژمناندا دەتلایەوە[خانی،١٩٩٠: ١٤-١٥].

هەروەکو خانی لەسەرەتای "مەم و زین"دا دێتەگۆ و دەبێژێت: ((شرحا غم دل بکم فسانە – زینی و ممی بکم بهانە))[خانی، ٢٠٠٨: ٥١]. دەکرێ بیبێژین کە "خانی" زۆر ڕاشکاوانە وەکو میرێك کە ئاوات و ئارەزووی ئازادی بوبێت، دێتە گۆ و لە زۆر شوێن بەناوی کوردان قسەدەکات. بەواتایەکی دیکە یەکێک لە هۆکارەکانی نوسینی مەم و زینیش؛ دەکرێ بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە کە لەسەرەتاکانی ئەو دەقە ئەدەبییە باس لە "میر زیندین" دەکات و، گەورەیی و دەست ڕۆیشتوویی و ناوبانگ و دەسەڵاتی وەک لە دەقە فۆلکلۆرییەکەدا هەیە دەگێڕێتەوە. ئەم بابەتە زیاتر هانی خانی داوە کە کارێك بکات و ڕێنیشاندەر بێت بۆ ئەوەی کوردان بتوانن جارێکیتر لە پەرتەوازەیی و چەقبەستوویی نێوخۆ

ڕزگاریـــان ببێـــت، بەوەی کە نەیـــانتوانیووە؛ ســـەرکردەیەک بۆخۆیـــان دابنـــێن و لەژێـــر فەرمانڕەوایی ئەو سەرکردەیەدا کوردەکان یەکبخەن.

بۆئەوەی هەمـوو ئەوانە لە دەقێکـی ئەدەبیدا دابڕێژێت؛ خـانی هـاتووە "مەم و زیـن"ی کـردووەتە بەهـانە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنیشـاندەرێك بۆ یەکـدەنگی و یەکگرتوویی کـوردان، لەهەمان کاتیشدا ببێتە سەرمەشق لە دامەزراندنی زمانێکی ستاندارد و یەکگرتوو بۆ پرۆژە نیشـتیمانییەکەی لە بـواری سیاسـی و کۆمەڵایەتیـدا. بە واتـایەکی دیـکە؛ گوتـاری میـری بۆتان لەنێو مەبەستە سیاسی و جڤاکیەکەی ئەحمەدی خانی دا ڕەنگی داوەتەوە. چونکە وەك باسـمان کـرد؛ ئەو سـەردەمەی خـانی دەسـت بەنوسـین دەکـات، میـر و میرنشـینەکان و خاکی کوردان کەوتوونەتە ژێر دەسـەڵاتی عوسـمانییەکان، بۆیە خـانی ڕۆڵی سـەرکردە لەو بوارەدا دەبینێت و دەست بە نوسینی مەم و زین دەکات.

هەر لەو ڕوانـــگەیەوە دەتـــوانین دەســـتەواژە یوفیمیزمییەکـــان لە ســـەرەتای دەستپێکردنی مەم و زین دەستنیشان بکەین وەک ئەوەی لە (دیباجە)کەدا دەڵێت:

بی نقش تە نقش خامە خامە بـی نـام تە نـامە ناتمـامە

[خانی، ۲۰۰۸: ۳۵].

کاتێک خانی لە سەرەتای دەستپێکردنی مەم و زیندا بەناوی خودای گەورە دەست پێدەکات و دەڵێت: ((سر نامە نامە نام اللە – بی نام وی ناتمامە واللە)) [خانی، ۲۰۰۸: ۳۵]. دواتریش لەم دێرەی سەرەوەدا بە ئەدەبەوە باس لەوە دەکات کە ئەگەر ئەو بەرهەمە بە ناوی تۆ نە نەخشێندرێت ئەوا خامەکەم خام دەبێت. خانی لە بەکارهێنانی وشەی (خام)ی دووەمدا کە مەبەست (کەم و کوڕی و نادروستی) دێت، پەیڤێکی یوفیمیزمی شاراوەی بەکاربردووە و، لەگەڵ خوای گەورەدا بەو پەڕی ئەدەب و شەرمەوە؛ ڕازی دڵی خۆی دەخاتەڕوو.

ادبارا مە وی کها کمالی آیە بـوە قابـل زوالـی

[خانی، ۲۰۰۸: ٤٥]

پەیڤـی (ادبـارا) لەجیـاتی بەدبەختـی، بەختـی ڕەش وەک یـوفیمیزمی شـاراوە بەکارهاتووە. ئەمە جگە لەوەی خانی هەوڵیداوە وشـەیەکی عەرەبی لەبـڕی وشـەیەکی تـابۆی کوردی وەکو بەختی ڕەش، یان بەدبەختی بەکاربێنێت، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرجـــار پەیـــڤە بێگانەکـــان کـــاریگەری نەرێنیـــان کەمتـــرە وەك لە دەســـتەواژە ڕەسەنەکان، هەروەها هۆکاریشە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە دروستبوونی ململانێ و شەڕانگێزی. وشـەی ئیـدبار هەروەك ئاماژەمـان پێیـدا لە بنچینـەدا لە زمـانی عەرەبـی وەرگیـراوە و بەمانـای ((پشـت تێکـردن، نەهـات، ڕوو وەرگێـران، بەخـت وەرگەڕان، نەهـاتی، بەدبەختـی)) دێـت [موکریانی، ۲۰۰۵: ۱۲]. واتە خانی مەبەستییەتی ئەو بێ چارەییەی کوردان ڕوون بکاتەوە.

نەقد مە دبو بە سکە مەسکوك        نەدما و هە بی رواج و مشکوک

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٥].

نووسەر مەبەستییەتی باس لە زمانی کوردی و کێشە و مەینەتەکانی کوردان بکات. ئەوەی ئێمە گەرەکمانە بەکارهێنانی وشەی (مەشکووك)ە کە وەك یوفیمیزمێکی شاروە لەجیاتی پەیڤی (عەیبدار)ە کە تابۆیە بەکارهاتووە. مەشکووك لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە و بەمانای ((بەدگومان))[حمەکریم ٢٠٠٤: ٤٢٧] دێت. دەربڕینی وشەی بێگانە لە بڕی پەیڤی ڕەسەن و خۆماڵی زۆرجاران هۆکارە بۆ کەمکردنەوە و دوورکەوتنەوە لە گرژی و ئاڵۆزی و کەنفلیکت و، لەولاشەوە وەك دەربرینێکی یوفیمیزم هەژماردەکرێت.

غمخواری دکر ل مە یتیمان   تینانە در  ژ دست لئیمان

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٥].

پەیڤی (لەئیم) لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بەمانای ((نەگریس، قرچۆک، بەد ڕەسەن، ...))[موکریانی، ٢٠٠٥: ٥٦] دێت. وشەی لەئیم لە بڕی ئەوکەسەی کە پیاوەتی لەدەست نایەت بەکارهاتووە، واتە وەك یوفیمیزمێکی شاراوە لەبڕی وشەیەکی دیسفیمیزم خواستراوە. چونکە گەروا نەبوایە ئەوکات جۆری گوتارەکە دەبووە هۆکاری دروستبوونی کەنفلیکت و شەرانگێزی. بێگومان خواستنی پەیڤی بێگانە لەبڕی وشەی ڕەسەن و جۆرێکە لە بەکارهێنانی یوفیمیزم و دوورکەوتنەوە لە دەربڕینی دەستەواژە تابۆ و دیسفیمیزمیەکان.

غالب نە دبو لسرمە اڤ روم        نەدبونە خرابە د دست بوم

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٥]

خانی پەیڤی (غالب)ی لە زمانی عەرەبی خواستووە و لە بنەڕەتدا بەمانای((زاڵ)) دێت [هەژار، ٢٠٠٨: ٤٣]، لەجیاتی دەربڕینێکی تابۆیی بەکاری بردووە، بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە کەنفلیکت و شەرانگێزی. بۆیە دەشێ وشەی (غالب) وەك یوفیمیزمێکی شاراوە هەژماربکرێت، بەو مانایەی کە یەکێك لە شێوازەکانی بەکارهێنانی یوفیمیزم خواستنی وشەی بێگانەیە و بەکاربردنییەتی لەبڕی پەیڤ و دەستەواژە خۆماڵییەکان.

تبعیت وان اگر چە عارە        او عار ل خلق نامدارە

ناموسە ل حاکم و امیران        تاوان چیە شاعر و فقیران

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٦]

وشەی (عار) لە بڕی شەرمە، نەنگە، لە زمانی عەرەبیدا خواستراوە. لەم دەقەدا وەك یوفیمیزمێکی ئاشکرا بەکارهاتووە، چونکە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەست بە خۆلادان لە ململانێی زمانی دەکرێت. هەروەها پەیڤی (ناموس) لە بڕی وشەی ((زۆرشەرمە)) بەکارهاتووە [هەژار، ٢٠٠٨: ٤٣] و دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوە، چونکە ئەم

دەربڕینە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ڕەخنە و تانەیە بۆ دەسەڵاتداران و شەرمەزارکردنیانە. ئەم شێوازەی یوفیمیزمەش دەبیتە هۆکارێك بۆ خۆ بەدوورگرتن لە ململانێ و دەربڕینی وشە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان.

لورا کو جهان وکی عروسە     وی حکم ددست شیر روسە

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٦].

پەیڤی (شیری روس) لەبڕی ((شمشێری هەڵکێشراو)) [خانی، ٢٠٠٨: ٤٣] بەکارهاتووە بۆ بەدەست هێنانی ئەم بووکە (جیهان) حوکم و فەرمانی لە ژێر هێزی شمشێرە هەڵکێشراوەکانی لەشکرێکی بەهێزدایە، بەومانایەی شیری روس لەبڕی دەستەواژەیەکی دیسفیمیزم هاتووە. بۆیە دەکرێ ئەم دەستەواژەیە بە یوفیمیزمێکی شاراوە هەژماربکرێت، چونکە بەم دەربڕینە نووسەر دوور دەکەوێتەوە لە بەکارهێنانی وشە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان و دروستبوونی کەنفلیکت.

از مامە د حکمتا خدیدا     کرمانج ددولتا دنیدا

آیا بچی وجهی مانە محروم     با لجملە ژبو چە بونە محکوم

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٦].

خانی لەم دوو دێڕەدا ئەو پەیامە سیاسییە ئاراستە دەکات و وشەی (حکمەت) بەکار دەهێنێت بۆ ئاماژە پێکردنی وشەکانی (محروم، محکوم)، چونکە نەیویستووە ڕاستەوخۆ بڵێت کە کورد سزادراون و لە نوسین و حوکمڕانی و زمانی خۆیان بێبەشکراون، بەڵکو هاتووە سەرسوڕمانی و سەرگەردان خۆی دەردبڕێت و مەسەلەی سزا و بێبەشی کوردی بە حیکمەتی خودا داناوە و، پرسیارێکی فەلسەفی دەوروژێنێ و پەیڤی (حیکمەت)ی وەکو یوفیمیزمێکی شاراوە بەکارهێناوە، کە تیایدا گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاراستەکردووە.

کرمانج دبن بخون ملطخ     وان ژیک ڤەدکن مثال برزخ

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٦].

وشەی (برزخ) لەم دێرە شیعرەدا ئاماژەیە بۆ بەردەوامی تووڕەیی خانی لەوەی کە کورد بووەتە قوربانی لەنێوان عەجەم و ڕۆم، "برزخ" بەواتای (( ناڤریک، پەردەیەکە لە نێوان دوو شتدا، ناوبڕە))[موکریانی، ٢٠٠٥: ٥٨]. هەروەها بە مانای (ژیانی ناو گۆڕ)یش دێت کە پارچە ئەرزێکی تەنگ و تاریکە و مرۆڤ تیایدا ژیانی نییە و حەشریش نەکراوە، نوسەر لەم دێرەدا کوردی وا وێنا کردووە کە لەنێوان ڕۆم و تاجیکییەکاندا خەڵتانی خوێن دەکرێن و دەکوژرێن، بۆ ئەم مەبەستە پەیڤی بەرزەخی وەکو یوفیمیزمێکی شاراوە دەرخستووە، لەم دێرە شیعرانەی خانیدا زۆر بە ڕوونی ئەو گوتارە سیاسیانەی سەردەمی بێ دەسەڵاتی کوردان دیارە و دەتوانین ئایدۆلۆژیای میرە کوردەکان لە زاری خانییەوە هەست پێبکەین.

لو پیکفه همیشه بی تفاقن        دائـم ب تمـرد و شـقاقن
[خانی، ٢٠٠٨: ٤٦].

بەکارهێنانی وشەی (تمرد) لەبڕی سەرکێشی و نەچوونە بەرفەرمان بەکارهاتووە. نووسەر هەوڵیداوە پەیڤێکی عەرەبی لەجیاتی وشەیەکی رەسەنی کوردی بەکاربێنێت، هەروەها خۆی بەدوور بگرێت لە کاریگەرییە نەرێنییەکان و دەربڕینیە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان، بەمەش دەبێتە دەربڕینێکی یوفیمیزمی شاراوە. وشەی تەمەروود لە زمانی عەرەبیدا بەمانای ((یاخیبوون، مل نەدان)) دێت [حمەکریم، ٢٠٠٤: ١١٤]. هەروەها وشەی (شقاق)یش بەهەمان شێوە وەك یوفیمیزمێکی شاراوە د هێتە هەژمارکردن، چونکە لەبڕی (دووبەرەکی) کە دەستەواژەیەکی تابۆیە؛ بەکارهاتووە. پەیڤی (شقاق) کە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە بەمانای ((ناکۆکی، دووبەرەکی، دوژمنایەتی، نەیاری)) دێت [موکریانی، ٢٠٠٥: ٢١٨]. بۆیە لەم دێرەدا هەریەکە لە وشەکانی (تەمەرووود، شقاق) وەک دوو دەربڕینی یوفیمیزمی شاراوە بەکارهاتوون و هۆکارن بۆ دوورکەوتنەوە لە دروستبوونی کەنفلیکت و خۆبەدوورگرتن لە دەربڕینە تابۆ و دیسفیمیزمەکان. بە واتایەکی دیکە گەر لە شوێنی ئەم دوو پەیڤە عەرەبییە، نووسەر سودی لە وشە خۆماڵییەکان وەرگرتبا، بێگومان ئەوکات بە پێچەوانەوە ململانێ و شەرانگێزی دروست دەبوو.

گردی هبوا مه اتفاقک        ڤیکرا بکرا مه انقیادک
روم و عرب و عجم تمامی        همیان ژ مرا دکر غلامی
[خانی، ٢٠٠٨: ٤٧]

وشەی (غلامی) ئەگەرچی وشەیەکی تابۆیە بەڵام خانی لێرەدا لەبری واتای ژێردەستەیی و خزمەتکار بەکاری هێناوە و بۆیە وشەی (غولام) دەبێتە یوفیمیزمێکی ئاشکرا، چونکە کەمتر کەنفلیکت و شەرانگێزی و تەنگژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات، خانی لێرەدا دیسان پێشانی هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوەیی خۆیمان پێدەڵێت و لەداخی ئەو بارودۆخە ناهەمووارەی ئەو سەردەمە، خۆزگە و خواستەکانی خۆی وەکو گوتاری ئەو کاتەی کورد دەردەخات.

ئەگەر سەیری ئەو بەیتە شیعریانەی خانی بکەین بەر لە دەستپێکردنی چیرۆکی "مەم و زین" تایبەت هۆکاری نوسینی؛ کە لە چەند دێڕێکدا ڕوونی کردۆتەوە، هەست بەوە دەکرێت کە چەندین وشە و دەستەواژەی جوان و سەرنجڕاکێش لەبڕی دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمزمییەکان بەکاردێنێت، بێگومان ئەم شێوازی هەڵاوێردکردنە دەچێتە خانەی یوفیمیزمی شاراوە و ئاشکراکان. سەرباری تووڕەیی خانی بۆ نەزانین و نەفامی میللەتی کورد، دێت بە زمانێکی ئەدەبی جوان، بە دەربڕینێکی یوفیمیزمیانە وەها شاکارێك دەخولقێنێت کاتێک دەڵێت:

خانی ژ کمال بی کمالی        میدانا کمالی دیت خالی

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٧].

پەیڤی (کمال) کە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بەمانای (تەواوی) دێت. وەلێ خانی وشەی (کمال)ی دووەمی بەشێوەی نەرێ بەکاربردووە و مەبەستی بێ مەعریفەیی و نەزانینە. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا یوفیمیزمێکی شاراوەیە و بە ئامانجی دوورکەوتنەوە لە گرژی و تەنگژە سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵاتییەکان بەکاریهێناوە. هەر لە هەمان بابەت دا خانی دەبێژێت:

انواع ملل خدان کتیبن        کرمانج تنی دبی حسیبن

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٧].

وشەی (بی حسیب) کە خانی لێرەدا بۆ مەبەستی بێبەش و دەست بەتاڵ بەکاری بردووە و، لەبری ئەو مەبەستانە کە رواڵەتێکی ناشیرینیان هەیە و نوسەر وشەیەکی عەرەبی خواستووە و یوفیمیزمێکی شاراوەی لێ بەرهەم هێناوە. گەورەیی خانی لێرەدا کە باسی کەم و کوڕی میللەتەکەشی دەکات، نایەوێت بە زمانێکی کرێت ڕووبەڕووی کەم و کوڕییەکان ببێتەوە و ڕێزیان لێ دەگرێت. هەروەکو لە دواتردا دەڵێت:

یعنی نە ژ قابل و خبیری        بلکی بتعصوب و عشیری
حاصل ژ عناد اگر ژ بیداد        اڤ بدعتە کرخلاف معتاد
دا خلق نەبیژتن کو اکراد        بی معرفتن، بی اصل و بنیاد

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٧].

هەریەکە لە پەیڤەکانی (تەعەصصوب، عناد، بێ مەعریفەت) دەربڕینی توندن و دەچنە چوارچێوەی بەکارهێنانی تابۆ، هەروەها هۆکارن بۆ دروستبوونی کەنفلیکت و شەڕانگێزی و ململانێی زمانی. وشەکانیش سەرجەمیان لە زمانی عەرەبی وەرگیراون و ماناکانیشیان ڕوون و ئاشکران. ئەم دەستەواژانە گوزارشت لە سەرسەختی و دەمارگیری نەتەوەیی خانی دەکەن کە لە بەر نووسینی ئەم پەرتووکە چەند ئازار و نەخۆشی چێشتووە، لە پێناو ئەوەی کە خەلکانی تر(بێگانەکان ) نەبێژن گەلی کورد بێ زانست و بێ پەرتووکن.

بی بهرە نە او ژ عشقبازی     فارغ ژ حقیقی و مجازی

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٧].

لەبری ئەوەی کە خانی بڵێت (بێ پار، بێ بەش)، هاتووە وشەی (بەهرە)ی نەرێ کردووە و مەبەستە ناشیرینییەکەی پێ داپۆشیووە و پۆشاکێکی یوفیمیزمانەی شاراوەی بەبەردا کردووە. خانی هەر لەو بەیتە شیعریانەی کە هۆکاری نوسینی "مەم و زین"ی تێدا باس کردووە، گەلێک پەیڤی دیکەی یوفیمیزمی بەکارهێناوە، کە دەتوانین هەندێکیان

بخەینە ڕوو وەکو: (یتیم) کە لەبنەڕەتدا بۆ مەبەستی بێ باوکی بەکاردێت، بەڵام خانی بۆ مەبەستی بێ خودانی کوردان بەکاری هێناوە؛ واتە نەبوونی سەرکردەیەك یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەمەش ئەو ئایدۆلۆژیا سیاسییەی خانی دەردەخات کە نوێنەرایەتی کورد و میرەکانی کردووە لە کاتێکدا کە دەسەڵاتیان نەماوە و دوچاری پەرتەوازە و لەناوچوون هاتوون.

فی الجمله نه جاهل و نزانن    بلکی د سفیل و بی خدانن

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٨].

پەیڤی (سەفیل) لە بنەرەتدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بەمانای ((هەرزە، سوک، گرزە، حیزە بخۆ، کنۆس، جیوەلەک، هەرچی و پەرچی، دلسفک، وەینەک، بەترف، بڵح، دوون، نزم))دێت [موکریانی، ٢٠٠٥، ١٩٨] دێت. وەلێ لەم دەقەدا بەکاریگەری کەرەسەکانی رستە و ماناى کۆنتێکستی دەکرێ ببێژین لەبرِی (چارە رەش، بێ بەختی) بەکارهاتووە. لە هەردووک باردا پەیڤی (سەفیل) بە یوفیمیزمێکی شاراوە هەژمار دەکرێت و هۆکارە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە ململانێی زمانی و کەنفلیکت و شەڕانگێزی و دوورکەوتنەو ە لە دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان.

| | |
|---|---|
| گردی هبویا مەژی خدانک | عالی کرمک لطیفه دانک |
| علم و هنر و کمال و اذعان | شعر و غزل و کتاب و دیوان |
| اڤ جنس ببا لباوی معمول | اڤ نقد ببا لنک وی مقبول |
| من دی علما کلام موزون | عالی بکرا لبان گردون |

[خانی، ٢٠٠٨: ٤٨].

خانی لەم بەیتانەدا ئاماژە بە نەبوونی دەوڵەت و کیانێکی سیاسی دەکات. نوسەر زۆر بە وردی و لێزانانە وەسفی حاڵی کوردان لە بێ سەرکردەیی و دەوڵەتێکی کوردی دەکات، هەروەها بە ئەگەرەوە یوفیمیزمێکی شاراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەدرکێنێت و، دووردەکەوێتەوە لە ململانێی زمانی و شەڕانگێزی سیاسی و نایەوێت دەستەواژە و دربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان بە زەقی بەکار ببات، بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی داگیرکەری عوسمانی زەفەری پێ نەبەن. خانی ئەو ڕەخنەیە بەوە ئاراستە دەکات کە ئەگەر ئێمە سەرکردە و کیانێکمان هەبوایە و سەرپەرشتی ئەو نوسینەیان بکردبا، ئەوا من لەوەی ئێستا هەیە جوانتر و پڕچێژتر دەمنوسی و ئەدەب و شیعرم دەگەیاندە بڵندترین پایە لەسەر ئەدەبیاتی دوژمنانمان، ئەمەش هەمدیس ئەو ئایدۆلۆژیا سیاسییەی خانیمان بۆ دەردەخات کە لە غیابی میرنشین و میرە کوردەکان بووەتە ئەرکی سەرشانی ئەو.

**٢ – ٢ – شـــرۆڤەکردنی دەســـتەواژە یوفیمیزمییەکـــان وەکـــو بـــابەتە ئەڤینـــی و کۆمەڵایەتییەکان لە"مەم و زین"دا:**

ئەگەر چی تا ئێرە شیکردنەوەی ئەو چەمکە یوفیمیزمیانە بوو کە لە پەیام و ئایدۆلۆژیا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خانیدا هەبوو، کە وەکو گوتاری میر و میرنشین شرۆڤە کرا ، بەڵام دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە بابەتە ئەڤینی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو "مەم و زین"یش دەکرێ بە ئایدۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیانە لێکبدەینەوە و لەم بابەتەشـدا گەلێـك پەیڤـی "یـوفیمیزم" لەبـڕی دەسـتەواژە تـابۆیی و دیسـفیمیزمیەکان بەکارهاتووە، کە لێرە بەدوا هەوڵدەدرێت دەستنیشان بکرێن.

خانی لە باسی جوانی ئەڤینیدا جیاوازی لەنێوان خۆشەویستی و هەوەسبازیدا دەکات و دەڵێت:

لی عاشق و بوالهوس جدانه     هن فائده خواز ژبووی جانان

[خانی، ٢٠٠٨: ٥٧].

بەکارهێنـانی وشـەی (بوالهـوەس) لەبـڕی ~~نەزان~~ چـاولەدەر، ناڕاسـتی لە دڵداریـدا بەکارهاتووە. دەکرێ ئەم پەیڤە وەك یوفیمیزمێکی ئاشکرا هەژمار بکرێت. بەم دەربڕینە نووسەر خۆی  بەدوورگرتووە لە دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان.

هرچند کو بیحد و قیاس بون     عامی و خوادم و خواص بون

[خانی، ٢٠٠٨: ٥٨]

خـانی هەوڵیـداوە پەیڤـی (خـوادم) لەبـڕی (خزمەتکـاران) بەکاربێنێـت. ئەم وشـەیە دەشێ وەك یوفیمیزمێکی ئاشکرا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەگەرچی ئەم دوو پەیڤە بۆ یەك مانا و مەبەست بەکاردێت، وەلێ لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا وشەی (خادم) پەسەندترە، هەروەکـو ئەو کەسـەی کە خزمەتـی مـزگەوت دەکـات پێـی دەڵـێن (خـادمی مـزگەوت). هەربۆیە نووسەر هەوڵیداوە وشەیەکی بێگانە لەبڕی پەیڤێکی ڕەسەنی کوردی بخوازێت، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ململانێی زمانی و کەمکردنەوەی لایەنی نەرێنی.

باژیر و کلات و خانی بردان     تشبیه بە نژدیان و جردان

[خانی، ٢٠٠٨: ٦١]

خـانی لە باسی گۆڤەنـد و نەورۆزدا، تـایبەت لەم دێڕەدا پەیڤـی (نژدەیـان – نەژدییـان) مەبەسـت لێـی کەسـانی خـراپ و تـاڵانکەرە. نەژدی لە فەرهەنگـی زمـانی کوردیـدا بەمانـای ((نزیک، ماڵی تاڵانی)) دێت [هەژار، ٢٠١٠: ٨٨٣]. بۆیە دەکرێ (نژدەیان) وەک یوفیمیزمێکی شـاراوە هەژماربکرێـت، چـونکە بەشـیوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ و شـاراوە وەسـفی ئەو کەسـانە دەکات کە هەوڵی تاڵانکردن دەدەن.

اتراب و کواعبی دعذرا     مردان و مراهقی دزیبا

[خانی، ٢٠٠٨: ٦١]

خانی له وەسفی ئافرەت و جوانیاندا پەیڤی (کەواعب)ی عەرەبی لەبڕی سینگی ئافرەت بەکاردێنێت. لەزمانی عەرەبیدا یەکێک لەواتاکانی کەواعیب ((مەمک قیتان))ە [خانی، ۲۰۰۸: ۷۰]. بێگومان ئەمجۆرە دەربڕینە ناراستەوخۆیە دەبێتە یوفیمیزمێك لەجۆری شاراوە. هەروەك ئاشکرایە کە وشە سێکسییەکان دەربڕینیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتە تابۆ، بەکارهێنان و دانانی پەیڤی دیکەی خۆماڵی یان بێگانە لەشوێنیان دەبێتە یوفیمیزم. بۆیە نووسەر هەوڵیداوە وشەیەکی عەرەبی بەکاربێنێت و خۆی بەدووربگرێت لە دەستەواژە تابۆ و دیسفیمیزمییەکان.

وی گوت دو شهلوند شداد ایرو لقی خلقی بونه جلاد

[خانی، ۲۰۰۸: ٦۳]

لەم دێڕەدا پەیڤی (شداد) لەبڕی زاڵم بەکارهاتووە. نووسەر هەوڵیداوە لەبڕی وشەی ڕەسەنی کوردی، پەیڤێکی عەرەبی بەکاربێنێت، مەبەست لێی دوورکەوتنەوە لە کەنفلیکت و شەرانگێزی و بەکارهێنانی دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمەکانە. بۆیە ئەم دەربڕینە وەك یوفیمیزمێکی شاراوەی سیاسی هەژمار دەکرێت.

هن مؤتلفن هنك مخالف هن مختلفن هنك مؤالف

[خانی، ۲۰۰۸: ٦٤]

بەکارهێنانی پەیڤی (مخالف) لەبڕی وشەی دژ بەکارهاتووە. مەبەست لێی هەندێك لە دوژمن و ناحەزانی کوردانە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا ناوی نەبردوون. ئەمجۆرە دەربڕینە دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوەی سیاسی، هەروەها هۆکارە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە بەکارهێنانی دەستەواژە تابۆیی و دیسفیمیزمییەکان و دوورکەوتنەوە لە ململانێی سیاسی.

ئاخر کو ژ حدی چویە در جور جوری لمە عاقبت نمادور

[خانی، ۲۰۰۸: ٦۹].

بەکارهێنانی وشەی (جەور) لەبڕی ستەم وەك یوفیمیزمێکی ئاشکرا بەکارهاتووە. بێگومان ئەمجۆرە دەربڕینە هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوە لە کەنفلیکت و دەربڕینە تابۆ و دیسفیمیزمییەکان، ئەمە جگە لەوەی پەیامە سیاسییەکەش لە شەڕانگێزی بە دووردەبێت.

هرچی وە حباندی ای پریزاد حسناوە دکت ژبووە منقاد

[خانی، ۲۰۰۸: ٦۹]

پەیڤی (مونقاد) لە بنەرەتدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بەمانای (بەگوێ، فەرمانبەر، باربەر، گوێ لە مست) دێت [موکریانی، ۲۰۰۵: ٤۰۷]. ئەم دەربڕینە دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوەی سیاسی، هۆکاری ئەوەی ئەوەی کە لە بڕی وشەی خۆماڵی نووسەر پەنای بردووەتە بەر پەیڤی عەرەبی ئەمەش دورکەوتنەوەیە لە بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی

تابۆ و دیسفیمیزمییەکان. ئەمە جگە لەوەی وشە عەرەبییەکە کاریگەری نەرێنی کەمترە لە وشە ڕەسەنە کوردییەکە.

وی دلە   بی فصال محتال صبحی          خـوە کهانـدە پـیش رمـال

[خانی، ۲۰۰۸: ۷۳].

(دلە) مەبەست لێی فێڵبازە، بۆیە دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوە. نووسەر بەمجۆرە دەربڕینە خۆی لە دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمییەکان بەدوورگرتووە. هەروەها ئەمجۆرە یوفیمیزمە هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوە لە کەنفلیکت و ململانێی سیاسی و شەڕانگێزی. هەروەها پەیڤی (رمال) کە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە بەمانای ((فاڵچی، خیزفرۆش، زیخ فرۆش)) دێت [موکریانی، ۲۰۰۵: ۱۷٦]. لەم دەقەدا زیاتر مانای یەکەم مەبەستە، نووسەر هەوڵیداوە وشەیەکی عەرەبی لەبری پەیڤێکی خۆماڵی کوردی بەکاربێنێت، کە مەبەست لێی دوورکەوتنەوە لە دەربڕینە تابۆییەکەیە، چونکە وشەی (فاڵچی) لە زمانی کوردیدا بە هۆکاری ئایینی و کلتووری لە کۆمەڵگەی کوردیدا، واتایەکی نەشیاو و دەربڕینی بە ئاشکرا ناپەسەندە و بە تابۆ هەژماردەکرێت. بۆیە دەکرێ بیێژین (رمال) وەك یوفیمیزمێکی شاراوە هەژماردەکرێت.

قارورە و حقە نشتر و کیس          هلکرتن اوا خبیثە تلبیس

[خانی، ۲۰۰۸: ۷۵]

وشەی (خەبیث) لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبیدا وەرگیراوە و بەواتای (شتی زۆر پیس، زۆرخراپ) دێت. بەو مانایەی دەبێتە دیسفیمیزم، چونکە کاریگەرییە نەرێنییەکەی زیاترە لە وشە خۆماڵییە کوردییەکە. پەیڤی (تلبیس) کە بەمانای ((پێ لەبەرکردن، ڕووکێش کردن، شاردنەوە)) دێت [موکریانی، ۲۰۰۵: ۹۲]. وەلێ لەم دەقەدا بە واتای (خۆڵ لەچاوی خەڵککردن، چەواشەکاری، فێڵبازیی) دێت. واتە ئەم وشەیە دەکرێ وەك یوفیمیزمێکی شاراوەی سیاسی هەژماربکرێت، چونکە هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێی سیاسی و شەڕانگێزی و خۆ بەدوورگرتن لە دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمییەکان.

دائم لدری وی قابوجی بو          قلاع و قلاش و قاوجی بو

[خانی، ۲۰۰۸: ۹۳]

(قلاع) مەبەست لێی کەسانی خراپە و لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بەمانای ((هەڵکێش، هەڵکەن، لە ڕەگ و ریشە دەرهێنەر)) دێت [موکریانی، ۲۰۰۵: ۳۱۰]. وەلێ لەم دەقەدا مانای لێکسیکی و مەبەست لەیەکەوە دوورن. پەیڤی (قلاع) دەکرێ وەك یوفیمیزمێکی شاراوە هەژماربکرێت، چونکە مانای مەبەست بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا نەهاتووە، کە مەبەست لێی دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکانە. هەروەها وشەی (قلاش) لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بەواتای ((بێکارە،

هیچ و پووچ، بێ باک، بێمار، ڕووت)) دێت [سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە]. پەیڤی قلاش بەهەمان شێوە یوفیمیزمێکی شاراوەیە، هۆکارە بۆ خۆپاراستن لە دەربڕینی تابۆ و دیسفیمیزم و دوورکەوتنەوە لە کەنفلیکتی زمانی و شەڕانگێزی سیاسی.

مـأذون بـکە طـورة دطـرار داحکم بکن لشاھ و خوندکار

[خانی، ٢٠٠٨: ٩٧].

پەیڤی (طرار) کە لە بنچینەدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بە واتای ((ڕێگر و دز)) دێت [خانی، ٢٠٠٨: ١٣٢]. نووسەر هەوڵیداوە خۆی بەدوور بگرێت لە بەکارهێنانی دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمیەکان، بەمەستی دروست نەبوونی کەنفلیکت و ململانێی سیاسی پەنای بردووتە بەر بەکارهێنانی وشەی بیانی لەبڕی پەیڤی ڕەسەن و خۆماڵی کوردی. واتە وشەی طرار دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوە.

سیف و رطب وانار بستان لیف و ذقن وانار پستان

[خانی، ٢٠٠٨: ١١٠].

پستان کە بەواتای ((مەمک)) دێت [خانی، ٢٠٠٨: ١٥٤]. وەك یوفیمیزمێکی ئاشکرا لەم دەقەدا بەکارهاتووە. بەمەبەستی خۆ بەدوورگرتن لە بەکارهێنانی دەستەواژە تابۆییەکان، تایبەت لە وەسفی لەش و لاری ئافرەتدا، بەهۆکاری کۆمەلایەتی نووسەر پەیڤی (پستان)ی بەکارهێناوە.

زینا کو دوصد پری پرستار حورا کو ممو ژبو گرفتار

[خانی، ٢٠٠٨: ١١٤]

لەم دەقەدا (پرستار) بەمانای خزمەتکار دێت، وەلێ لە فەرهەنگدا بە واتای(( خەمخۆر، یاریدەدەری نەخۆش)) دێت [هەژار، ٢٠١٠: ١١٨]. کەواتە وشەی (پرستار) لەم نیوە دێرە دا یوفیمیزمە، چونکە هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوە لەم حاڵەتە دەروونییەی کە لەلای تاك لە کاتی بەکارهێنانی وشەی (خزمەتکار) دروست دەبێت. بۆیە شاعیر بۆ ئەوەی خۆی بەدوور بگرێت لەم واتا تابۆییە، وشەی پرستاری بەکارهێناوە. هەروەها واتای بەکار هاتوو و لێکسیکی ئەم پەیڤە لەیەکترەوە دوورن، جۆری یوفیمیزمەکەش شاراوەیە.

البتە خوە دی بکت حراست ناکت چو قبولیا نجاست

[خانی، ٢٠٠٨: ١١٥].

(نجاست)یش یەکێکە لەو پەیڤە یوفیمیزمیانەی کە شاعیر بەکاریهیناوە، کە مەبەست لێی (پیسی)یە، هەروەها لە فەرهەنگدا بەواتای ((گلاوی، پیسی))هاتووە.[نظام الدین، ٢٠٠٠: ٧١٣]. خانی لێرەدا بۆ ئەوەی خۆی لە وشە تابۆکان ڕزگار بکات، وشەیەکی عەرەبی هێناوە و مانا فەرهەنگییە ئاشکرایەکەی پێ داپۆشیووە و یوفیمیزمێکی شاراوەی لێ هەڵێنجاوە.

يعنى خبرى دهردو ياران        نمام و حسود و حيلەكاران

[خانی، ٢٠٠٨: ١٢١].

لەم دێرە شیعرەدا (نمام) بە واتای (دووزمانی)دێت، ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و لەفەرهەنگیش بە مانای ((قسەگێڕەوە، قسەچین، پاشدوو، دووڕوو)) هاتووە [موکریانی،٢٠٠٥: ٤٢٩]. خانی لەبری قسەیەکی تاڵ بە مانا کوردییەکە، وشەیەکی عەرەبی هێناوە و یوفیمیزمێکی شاراوەی دروستکردووە، چونکە واتا کوردییەکان دەبنە تابۆ و جۆرێك لە کەنفلیکتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی دروست دەکەن.

سى دست ژ مير برن تمامى        مفسد فكرى ژوى مقامى

[خانی، ٢٠٠٨: ١٢٤].

خانی وەك هەموو جار لە دربڕینەکانیدا هەوڵیداوە تا بکرێ خۆی لە قسە زبر و تاڵەکان لابدا و تابۆکان بە تویکڵێکی شیرینی یوفیمیزمانە پەردەپۆش بکات، لەم دێرەشدا بە ئاشکرا دیارە کە خانی وشەی (مفسد) کە وشەیەکی عەرەبییە و بەکاری هێناوە، بە واتای ((دووزمانی، خراپی، گەندی))[موکریانی،٢٠٠٥: ٣٩٤]. هەروەها جۆری یوفیمیزمەکەش شاراوەیە.

رابونه ممى دوصد غضنفر        مم رابويه پى بدست خنجر

[خانی، ٢٠٠٨: ١٢٥].

(غضنفر) یەکێکی دیکە لە وشە یوفیمیزمییەکانی مەم و زینی خانییە، کە لە فەرهەنگی زمانی عەرەبی بە واتای ((شێر)) هاتووە.[نضام الدين، ٢٠٠٨: ٥١٠]. گومان لەوەدا نینە کو ل ئیدیۆمی زمانێ کوردیدا یەکێك لە ماناکانی شێر دڕندەیە، خانیش لەم دێرە شیعرەدا بە واتای دڕندە (غضنفر)ی بە کارهێناوە و نەیویستووە ڕاستەوخۆ پەیڤە تابۆیەکە پێشان بدات، بەڵکو لە ڕێگای خواستنی وشەیەك لە زمانێکی تر یوفیمیزمێکی شاراوەی خستۆتە ڕوو.

مسمار كرن بدو ژ غفلت        هشيار كرن عدو بصولت

[خانی، ٢٠٠٨: ١٣٣].

وشەکانی (دوژمن، ناحەز، نەیار، بەدخواز، بەرچەپ) لە فەرهەنگدا لە بەرامبەر پەیڤی (عدو)هاتووە[موکریانی،٢٠٠٥: ٢٥٩]. لێرەدا خانی لەبری بەکارهێنانی ئەو پەیڤە تابۆییانە هاتووە لە زمانی عەرەبی (عدو)ی وەرگرتووە و بەرگێکی شاراوەی یوفیمیزمانەی پێ بەخشیووە. هەروەها پەیفی (بصولت)لە هەمان ئەو دێرە شیعرە، بە مانای ((هێرش، هێز، توانایی، هەڵمەت، زەبر و زەنگ، سام، هەڵکوتانە سەر))دێت[سەرچاوەی پێشوو: ٢٣٣]. کە بە هەمان شێوەی پێشو خانی یوفیمیزمێکی شاراوەی بە خواستنی وشەیەکی عەرەبی لە بڕی هەموو ئەو پەیڤە تابۆیانەی لەسەرەوە باسمان کرد بەکارهێناوە.

خصى كونشى ببى مقابل        درمان چيه شربتا هلاهل

[خانی، ٢٠٠٨: ١٣٥].

لەم دەقەدا پەیڤی (شربت) لەبری ژەهر خواستراوە وەك یوفیمیزمێكی شاراوە. هەروەك دەزانرێت ڕاستەوخۆ ناوهێنانی وشەی ژەهر دەبێتە تابۆ. نووسەر هەوڵیداوە خۆی بەدووربگرێت لە دەربڕینی راستەوخۆ بەمەبەستی دووركەوتنەوە لە دروستبوونی كەنفلیكت و ململانێی زمانی.

استادی دڤیتن و تامل        اخفاء و تغافل و تحمل

[خانی، ٢٠٠٨: ١٣٥].

لە دەقی "مەم و زین"ی خانیدا گەلێك تەكنیكی جوانكاری و یوفیمیزمی لە خۆ گرتووە، یەكێكی تر لەو وشانەی بۆ دەربڕینێكی جوان بەكاری هێناوە پەیڤی (تغافل)ە كە لە فەرهەنگدا بە واتای((ناخۆشكردن، خۆنابەلەد كردن، خۆناشارەزاكردن، خەلەتان)) دێت [موكریانی، ٢٠٠٥: ٨٧]. بەڵام لە دێرەدا لە بری وشەی (خۆگێل كردن) هاتووە، لە بنەڕەتدا وشەیەكی تابۆیە و خانی لە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەكانی بۆ ئەوەی كەنفلیكت دروست نەبێت كەسایەتی خۆی لە وشەی نەشیاو و نابەجێ بپارێزێت، هاتووە یوفیمیزمێكی شاراوە یان ئاشكرای بە پێی مەرج و هۆكارەكانی بەكارهێناوە.

تەصنیع كرنوی هندە تەشنیع        بەستن وی ل شیرێ شبهێ تەرصیع

[خانی،٢٠٠٨: ١٣٥].

لەم دەقەدا نوسەر هەوڵیداوە پەیڤێكی عەرەبی لەبری وشەیەكی ڕەسەنی خۆماڵی كوردی بەكاربهێنێ، بە مەبەستی پەردەپۆشكردن و خۆبەدووركرتن لە ململانێێ زمانی وەك لە پەیڤی (تەشنیع) كە لە بنچینەدا لەزمانی عەرەبی وەرگیراوە و بە واتای (( جنێودان، كاری ناشیرینكردن))دێت [موكریانی،٢٠٠٥: ٨٢]. یەكێك لە شێوازەكانی بەكارهێنانی یوفیمیزم وەرگرتنی وشەی بێگانەیە و دانانییەتی لە شوێنی وشە خۆماڵییە ڕەسەنەكە، بە مەبەستی كەمكردنەوە و لابردنی لایەنە نەرێنییەكان. بۆیە دەكرێ بڵێین ئەم پەیڤە یوفیمیزمێكی شاراوەیە.

اڤ كرب والم اگرتە ناڤى        زینى و ممى ژدل خوە باڤى

[خانی،٢٠٠٨: ١٣٦].

(الم) وشەیەكی دیكەی یوفیمیزمی شاراوەیە كە خانی لەم دێرەدا بەكاریهێناوە و، لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بە واتای((ئێش، ئازار،سوێ، دەرد، ئۆف، سروشك، ئەشكەنجە))هاتووە[موكریانی، ٢٠٠٥: ٣٧]. ئەم جۆرە خواستنە وادەكات واتا تابۆییەكەی لە ڕواڵەتدا كاڵ ببێتەوە و مانا یوفیمیزمیەكەی زاڵتر ببێت.

میرن هەنە عاقلن عزیزن        لی سادە دلن د بی تمیزن

[خانی،٢٠٠٨: ١٣٧].

لەم دێرە شیعرەی خانی لە مەم و زیندا وشەی (بی تمیزن)مان بە بەر چاو دەکەوێت کە لەبنەڕەتدا لە (تمیز)ی زمانی عەرەبی وەرگیراوە و بەواتای ((جیاکردنەوە، پالاوتن، لێککردنەوە)) لە فەرهەنگدا هاتووە [کریم،٢٠٠٦: ١٤١]. نوسەر لەم دەقەدا هەوڵیداوە بە بەکارهێنانی پێشگری (بێ) وشەی تمیز نەرێ بکات و واتاکەی پێچەوانەی واتا بنەڕەتییەکەی پێشان بدات. لەو حاڵەتەدا دەبێتە یوفیمیزمێکی شاراوەی سیاسی، چونکە لەم دێرەدا لەباسی (میر)ەکاندا پەیامێکی سیاسی لە پشتەوەیە و، هەر بۆیە هاتووە سەرەتا بە پیاهەڵدان بە میرەکان دەستی پێکردووە و ویستوویەتی لە پاڵ ئەمەشدا ڕەخنە لە کەم و کوڕییەکانیان بگرێت و، لە چوارچێوەی وشەی بێ تەمیزدا ئەوە بخاتە ڕوو کە ناتوانن چاکە و خراپەی خۆیان لێك جیا بکەنەوە.

هرچی کو دبیژنی غرض دار باور دکن او براستی خوار

[خانی،٢٠٠٨: ١٣٧].

لێرەدا خانی پەنای بۆ بەکارهێنانی وشەی (خوار) بردووە، کە وشەیەکی خۆماڵی کوردییە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و بە واتای (( چەوت، نالەبار لە دۆستی و مامەڵەدا))[هەژار، ٢٠١٠: ٢٤٧]. ئەمەش دەوڵەمەندی و شارەزایی خانی پێشان دەدات لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی و، بۆیە گەلێکجاریش لەبری پەنابردنە بەر وشەی بێگانە، پەیڤی پەتی کوردی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری واتا تابۆییەکان وەك یوفیمیزمێکی ئاشکرا بەکارهێناوە. کە مەبەست لێی ڕەخنە گرتنە لە خراپ بەڕێوەبردنی ئیدارەی ئەوکاتی میرنشین.

دسپیرنە ڤان کسان اموری او تیخنە دولتی قصوری

[خانی، ٢٠٠٨: ١٣٧].

وشەی (قصوری) کە لەم دێرەدا بە واتای (کەم و کوڕی یان گەندەڵی) هاتووە و لە فەرهەنگیش بە واتای ((کورتهێنان، بەشنەکردن)) دێت[کەریم،٢٠٠٦: ٩٦٨]. بەگشتی خانی زۆر زانایانە یاری لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو پەیڤانە بۆ مەبەستی بەرجەستەکردنی یوفیمیزم دەکات، لێرەشدا کە دەقەکە خۆی باس لە کەم و کوڕی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە دەکات و پەیڤی (قصوری) بە ئامانجی ڕەخنەگرتن بەکار دەهێنێت، بەڵام دوور لە شەڕانگێزی و کاردانەوەی خراپ. بۆیە دەکرێ ئەمەش وەکو یوفیمیزمێکی شاراوە هەژمار بکرێت.

او سرمە دچاڤ وی تە کشا حتا توندی وی دل نە اشا

[خانی،٢٠٠٨: ١٣٨].

لەم دێڕەدا وشەکانی (سرمە )کە بە واتای (کل) دێت و (کشا) بە مانای (ڕژان، هاتنەخوار) هاتووە، وەك دەگوترێت ئەستێرە کشان، هەردوو پەیڤەکە بەیەکەوە (سرمە کشا)یان (سرمە کشان) واتا کلی لە چاو هاتە خوارێ، ئەمەش بە گریان و فرمێسك ڕشتن ئەو کردارە ڕوودەدات، لێرەدا خانی لەبرِی گریان و فرمێسك هاتووە ئەو دوو وشەیەی بەکار هێناوە، چونکە تەواو مانای دێرەکە ئەوەیە کە دەڵێ: (( تە ئەو کل د چاڤی وەراند، هندی تو نەدیتی دلێ وی یێ تەنا بوو، وەکو تو دیتی دەست ب ژانا کر)[خانی، ١٩٩٠: ٣٣٤]. ئەمەش وادەکات کە بڵێین نوسەر وشەیەکی کوردی بۆ مەبەستی دەربڕینێکی یوفیمیزمییانەی ئاشکرای بەکارهێناوە و، نەیویستووە ڕاستەوخۆ باسی گریان و فرمێسك بکات کە جۆرێک لە حاڵەتی ناخۆشی دەروونی دروست دەکات.

وان ترک کرن سرای فانی او چونە جهان جاودانی

[خانی،٢٠٠٨: ١٤٠].

جاوید، جاویدان کە لە فەرهەنگدا بە مانای((بەردەوام، دایم، دایمی، هەمیشە، هەمیشەیی، هەتاهەتایی، نەمر، پایەدار))دێت، جاویدان لە بنەڕەتدا لە وشەی (جاڤیتان)ی پەهلەوییەوە هاتووە.[ پور، ٢٠٠٨: ٤٢٩]. ئەم وشەیە لەبری (مردن) لەلایەن خانی بەکارهێنراوە، چونکە کۆی واتای دێرەکە پێمان دەڵێت:(( وان دنیا هێلا و چونە ئاخرەتێ))[خانی، ١٩٩٠: ٣٤٣]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نوسەر بۆ ئەوەی وشەی مردن بەکار نەهینێت و ڕەچاوی حاڵەتی دەروونی بەرامبەر لەم کارەساتە بکات، هاتووە جاویدانی کردۆتە یوفیمیزمێکی شاراوە و جۆرێك لە ئیستاتیکای بە شیعرەکەی داوە.

ینامە دری ژ ڤی حجابی اڤ زرە گهاندە افتابی

[خانی، ٢٠٠٨: ١٤١].

(حجاب) کە لە فەرهەنگدا بەمانای ((پەردە، چادر، شەرم، ئابڕوو)) [موکریانی، ٢٠٠٥: ١٢٣].هاتووە، بەڵام نوسەر لەم دێرە شیعرەدا بۆ مەبەستی نەدیتن و تاریکایی بەکاریهێناوە و مانای یوفیمیزمی شاراوەی بەبەردا کردووە.

شاهم بمرا مبە منازع از بومە بحصیا خوە قانع

[خانی،٢٠٠٨: ١٤٢].

خانی لەم دێرە شیعرەدا لە بەکارهێنانی وشەی (منازع) واتای (کێشە و بەربەستی) بەرجەستە کردووە، کە لە بنەڕەتدا بە مانای ((ناکۆکی، ڕکابەرایەتی، بەربەرەکانێ، کێبڕکێ))دێت[کەریم،٢٠٠٦: ١٣٤٩]. ئەگەر سەیر بکەین دەبینین کە نوسەر وەك لە زۆربەی بەکارهێنانە یوفیمیزمییەکاندا وشەی بێگانەی بەکارهێناوە، بەهەمان شێوە لە بابەتی وەسیەتی زین بۆ میردا وشەی منازعی بەکارهێناوە و، نەیویستووە کە وشە تابۆ

كوردییەكان بەكاربهێنێت و، جۆرێك لە قسە ڕەقی زین بەرامبەر میر پێشان بدات و بەمەش یوفیمیزمێكی شاراوەی دروست كردووە.

داضن نەبری كو اڤ مثالە یاقول ضعیفە یا بطالە

[خانی، ٢٠٠٨: ١٤٦].

خانی لێرەدا هاتووە لەبری وشەكانی بێ بنچینە و بێ ناوەڕۆك، وشەكانی (ضعیف و بطال)ی بەكارهێناوە، بێگومان بەكارهێنانی پەیڤەكانی (بێ بنچینە و بێ ناوەڕۆك) دەچنە خانەی وشە تابۆكان، بۆیە لەم سۆنگەیەوە خانی ئەم دوو وشە عەرەبییەی هێناوە و جۆرێك لە سوككردنی باری دەروونی بە بەرامبەر بەخشیووە و بە یوفیمیزمێكی ئاشكرا دایپۆشیوون.

زین بو سببی جنونیاتە میر بو سببی زبونیاتە

[خانی،٢٠٠٨: ١٤٧].

وشەكانی (جنون و زبون) لەو دێرەدا یوفیمیزمن، لەبەر ئەوەی لە بری دەربڕینەكانی ((شێت و بێدەسەڵات یان كز و لاواز یان بێچارە و فەقیر))هاتووە[هەژار، ٢٠١٠: ٣٨٥]. لێرەدا باسێكیتر دێتە پێشەوە و پێویستە ئاماژەی پێ بكرێت، ئەویش ئەوەیە كە ئەگەر لە ڕووی ئەدەبییەوە یوفیمیزمییەكەی باس بكەین دەچنە چوارچێوەی ئاشكرا، بەڵام ئەگەر بە ڕوویەكی گشتی وەریبگرین ئەوا جنون هەر ئاشكرا دەمێنێتەوە، بەڵام زبون دەبێتە یوفیمیزمێكی شاراوە.

اڤ میر و وزیر یا مجازی اڤ شعبدە و خیال بازی

[خان،٢٠٠٨: ١٤٨].

پەیڤی (شعبدە) لەم دەقەدا لەبڕی فێڵكردن بەكارهاتووە. نووسەر هەوڵیداوە خۆی بەدوور بگرێت لە دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمییەكان. وشەی شعبدە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبی بەمانای ((هەڵەپاسی، ساختەچییەتی، جەربەزەیی، فرت و فێڵ)) دێت [موكریانی، ٢٠٠٥: ٢١٦]. پەنابردنە بەر بەكارهێنانی پەیڤ و دەستەواژەی بێگانە لەجیاتی دەربڕینە خۆماڵییەكان لە بنەڕەتدا یەكێكە لە شێوازەكانی بەكارهێنانی یوفیمیزم. بۆیە دەكرێ ببێژین پەیڤی شعبدە دەبێتە یوفیمیزمێكی شاراوە.

میری كو مرن هبت نە میرە معزولی هبت اوی اسیرە

[خانی، ٢٠٠٨: ١٤٨].

لەم دەقەدا (معزولی) بەمەبەستی لەكاردوورخستنەوە دەربڕاوە. خانی هەوڵیداوە بە سود وەرگرتن لە زمانی عەرەبی خۆی بەدووربگرێت لە دەربڕینە تابۆ و ناپەسەندەكانی كۆمەڵگە. پەیڤی (معزولی) لە زمانی عەرەبیدا بەواتای ((دەركراو، لەكار لادراو)) دێت [خانی، ٢٠٠٨: ٢١٩]. بۆیە ئەم دەربڕینە وەك یوفیمیزمێكی شاراوە دەكرێ هەژماربكرێت. كە

نووسـەر هەوڵیـداوە بەشـێوەیەکی شـاراوە و ناراسـتەوخۆ پەیـامی نەمـان و مردنـی میـر و کاربەدەستان بخاتە ڕوو.

حیوان صفت ام بکین زنای بیهودە د مسکنی فنایی

[خانی،۲۰۸: ۱٤۹].

وشـەی (زینـا) کە لەبـڕی سـێکس کـردن لەدەرەوەی خێزانـداری بەکاردێـت، بەکاریگەری ئـایینی ئیسلام هـاتۆتە نێـو زمـانی کـوردی و نووسـەر هەوڵیـداوە لەبەر لایەنـی شـەرم و کـاریگەری کلتـوری کـۆمەڵایەتی خـۆی ببورێـت لە دەربـڕینە تـابۆیی و دیسفیمیزمییەکان سەبارەت بەم باسە. بۆیە پەنا دەباتە بەر یوفیمیزمێکی ئاشکرا.

تردامن و سرنگون و مردود شرمندە بچینە پیش معبود

[خانی،۲۰۰۸: ۱٤۹].

(تـردامن) لەجیـاتی داوێـن پیسـی بەکارهـاتووە. هەروەکـو ئاشـکرایە یەکێـك لە جۆرەکـانی بەکارهێنـانی یـوفیمیزم؛ بـریتییە لە وشـەیەکی ڕەسـەنی خۆمـاڵی لەجیـاتی دەربڕینێکـی تـابۆیی یـان دیسـفیمیزمی هەمـان زمـان. بەو مانـایەی خـانی ئەمجـارە لەجیـاتی پەنـابردنە بەر زمـانی عەرەبـی و فارسـی هەوڵیـداوە سـود لە زمـانی کـوردی ببینێـت. دەکـرێ ببێـژین وشـەی تەردامەن وەك یـوفیمیزمێکی ئاشـکرا هەژماردەکرێـت. پەنـابردنە بەر ئەم یوفیمیزمەش بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی و شەرم دەگەرێتەوە.

اوژی د ریا مدا شهیدە تحقیق بکن کو او سعیدە

[خانی،۲۰۰۸: ۱٥۲].

لەم دەقەدا پەیڤـی (شـهید) وەك یـوفیمیزمێکی ئاشـکرا لەجیـاتی تـابۆی مـردن و کوشـتن بەکارهـاتووە. وشـەی شـەهید لەبنەڕەتـدا لە زمـانی عەرەبـی و بەکـاریگەری ئـایینی ئیسلام هاتۆتە نێو زمـانی کـوردی و وەرگێـراوە. نووسـەر لێرەدا بەبەکارهێنـانی وشـەی شـەهید هاوکـات پەیڕەوی کلتـوری ئـایینی ئیسـلام و ڕەچـاوی بـاری دەروونـی بەرانبـەر و بەرزکـردنەوەی پایەی عیشق لەنێو کلتوری کوردیدا دەکات.

زنهـار ژ مشـهدا کـو مـم تـی البـتە ژ مرقـدا کـو ام تـی
گاڤا کو دچینە نیڤ صعیدی کلبی مە بتن لبر وصیدی

[خانی،۲۰۰۸: ۱٥۲].

پەیڤەکـانی (مـرقەد، مشـهەد، صـعید) وەک یـوفیمیزمێکی شـاراوە لەجیـاتی وشـەی (گـۆڕ) خواستراون. ئەوەی جێگـەی سەرنجە هەریەکە لەم وشانە لەبنەرەتـدا لە زمـانی عەرەبـی وەرگێـراون (مـەرقەد، مەشـهەد) ((قەبـر، جێـی خەو)) [خـانی، ۲۰۰۸: ۲۲۷]، (صـەعید) ((قەبـر)) [خـانی، ۱۹۹۰: ۳۸۳]. هەروەکـو ئاشـکرایە وشـەی گـۆڕ یەکێکە لە دەربـڕینە تابۆییەکـان لە کلتـوری کوردیـدا، بـۆیە نووسـەر هەوڵیـداوە سـێ وشـەی جیـاوازی بـۆ هەمـان واتـا بەکاربێنێـت،

کەچی پەیڤی (گۆڕ)ی نەدرکاندووە. ئەم نمونەیە وامان لێدەکات کە بڵێین خانی زۆر وردبووە لە هەڵبژاردنی پەیڤە یوفیمیزمییەکان. هەمدیس هەوڵی جدی خانی لەم دوو دێڕە بەدەردەکەوێت لە خۆپاراستن لە دەربڕینە تابۆیی و دیسفیمیزمییەکان.

القصه شهید عشق جلاد      مقتول ستم قتیل بیداد

[خانی،٢٠٠٨: ١٥٣].

(بیداد) کە بەمانای (زاڵم، جەلاد) دێت. خانی هەوڵیداوە خۆی لەم دەربرینە تابۆییانە ببوورێت، بەمەبەستی کاریگەری دروستکردن و دوورکەوتنەوە لە واتا تابۆییەکە. وشەی بیداد دەکرێ وەك یوفیمیزمێکی شاراوە هەژماربکرێت. هەروەك دەزانرێت پەیڤەکانی زاڵم و جەلاد زیاتر مەبەستی سیاسی لە پشتەوەیە و بۆ کەسانی خاوەن دەسەڵات بەکاردێت. لەم سۆنگەیەوە خانی نەویستووە ڕاستەوخۆ کاربەدەستان بە زاڵم ناوزەند بکات، بۆیە بەشێوەیەکی نەرمتر و بە وشەی بیداد هەوڵدەدات کەنفلیکت و شەرانگێزی سیاسی ڕوونەدات.

کای مالک ملک جسم و جانی      از باغچه و تو باغبانی

[خانی، ٢٠٠٨: ١٥٤].

لەم دێرە شیعرەدا نوسەر وشەی (باغچە)ی لە زاری زینەوە بەکارهێناوە و بە پێی واتای تەواوی دێرەکە بێت ئەم وشەیە لەبەرامبەر هەموو ئەندامەکانی لەشی خۆی درکاندووە و، بە مەمی گوتووە کە من باغچەمە و تۆش باغەوانی. خانی ئەم وشەیەی بۆ مەبەستی یوفیمیزمێکی شاراوە لە بەرانبەر چەندین پەیڤ لە لەشی مرۆڤ بەکاربردوە و مەمیش کە کراوەتە (باغبان)؛ واتە خاوەنی زین و هەموو ئەندامەکانی لەشی. خانی زۆر زانایانە هاتووە ئەم دەربڕینە جوانەی دروست کردووە و، ڕەچاوی کلتوور و داب و نەریتی کوردەواری و ئیسلامیشی کردووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی وشەیەکی یوفیمیزمیانەی وەها.

**ئەنجام:**

١ - گوتاری "میری بۆتان" لە چوارچێوەی "مەم و زین"ی "ئەحمەدی خانی"دا بابەتێکی نوسراو و ئاماژەپێکراوی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو خانی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ؛ بیروڕا و ئایدۆلۆژیاکان لەژێر ئەو پەیامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە لە مەم و زیندا هەیە دەربڕیووە.

٢ – زۆربەی دەستەواژە یوفیمیزمییە بەکارهاتووەکان لە گوتاری میری بۆتان لە چوارچێوەی "مەم و زین"ی خانی دا بەشێوەی خوازراو لە زمانی بێگانە وەرگیراون. کە زمانەکانی عەرەبی بە ژمارە یەک و فارسی بە ژمارە دوو لە ڕیزی ئەو زمانانەن کە خانی وشەی لێ خواستوون.

٣ – بەشی هەرە زۆری ئەو وشە یوفیمیزمیانەی بەکارهاتوون، یوفیمیزمی شاراوەن.

٤ – ئەو پەیڤ و دەستەواژانەی بۆ مەبەستی یوفیمیزم لەم دەقەدا بەکارهاتوون، بە ئامانجی دوورکەوتنەوە لە کەنفلیکت و شەڕانگێزی بووە، هەروەها ڕەچاوکردنی باری دەروونی بەرانبەر و خوێنەریش، یەکێکی دیکە بووە لە بەکارهێنانی یوفیمیزم.

٥ – هۆکارەکانی بەکارهێنانی یوفیمیزم لەم دەقە ئەدەبییەدا بریتیبوون لە هۆکاری( ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری).

**لیستی ژێدەرەکان:**


١- پوور، هەژار عەبدوڵڵا (٢٠٠٨)، فەرهەنگی هەژیر (فارسی - کوردی) بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢- حوسێن، ڕێژنە مەعروف (٢٠١٠). ڕۆڵی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣- خانی، ئەحمەد(١٩٩٠). مەم و زین، ڤەکولین و شرۆڤەکرنا: محەمەد ئەمینێ ئوسمان، چاپخانەی جاحظ، چاپی یەکەم، بەغداد.

٤- خانی، ئەحمەد (٢٠٠٨). مەم و زین، پێشەکی و لە چاپدانەوەی: نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

٥- خانی، ئەحمەد (٢٠٠٨). مەم و زین، پەراوێزنووسینی: هەژار، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

٦- شەمس، هێمن عەبدولحمید (٢٠٠٦). شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، ماستەرنامە، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٧- فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠١٣). تابۆ وەک نمونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٨- کەریم، رزگار(٢٠٠٦). فەرهەنگی دەریا (عەرەبی - کوردی)، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی مەهارەت، چاپی یەکەم، تاران.

٩- مستەفا، موحسن حسێن (٢٠١٣). یۆفیمیزم د زمانێ کوردیدا، ماستەرنامە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی دهۆک.

١٠- موکریانی، گیو (٢٠٠٥). فەرهەنگی نۆبەرە، فەرهەنگێکی (عارەبی – کوردییە)، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

١١- مەعروف، ئارام عەبدولواحید (٢٠١٣). ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١٢- ناوخۆش، سەلام (٢٠١٢). بەریەککەوتنی زمانەکان (کۆمەڵە نووسینێکی زمانەوانی)

١٣- نظام الدين، فاظل (٢٠٠٧). فەرهەنگی شیرین (عەرەبی - کوردی)، چاپخانەی شڤان، چاپی چوارەم، سلێمانی.
١٤- هاشمی، ابراهیم بن مصطفی (١٩٤٣). جواهر البلاغة فی المعانی والبیان و البدیع، طبع الأول، بیروت.
١٥- هەژار، عبدالرحمن شرفکندی (٢٠١٠). هەنبانە بۆرینە فرهنگ (کوردی - فارسی)، چاپخانەی انتشارات، چاپی شەشەم، تاران.
١٦- ئیبراهیمی، عەبدوڵلا (٢٠١٢). کاوە "فەرهەنگی فارسی – کوردی" بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
17- Allan. K & Burridge. K. (2006). Forbidden Words Taboo and Censoring of Language. Cambridge: Cambridge University Press.
18- Wardhaugh, R. (2006). An Introduction to Sociolinguistics. Massachusetts: Blackwell Publishing Ltd.
19- Fernandez, E. C. (2018). "Euphemism as A Discursive Strategy in US Local and State Politics", Journal of Language and Politics, 40(1), pp. 5-26.
20- Ожегов, С. И. (2012).Толковый Словарь Русского Языка: терминов и фразеологических выражений. Москва: Московское издательство Мир и образование.
21- Сеничкина, Е.П. (2008). Словар эвфемизмов русского языка. Москва: Флинта: наука.

## استخدام حسن التعبير في خطاب أمير بوتان في سياق " مەم وزين " لأحمدي خاني التأثير و الانعكاس

**ملخص:**

حسن التعبیر، کمفهومٍ لغوي في علم اللغة التطبيقي، مصطلحٌ يسمح باستخدام كلماتٍ جميلةٍ وجذابةٍ بدلاً من الكلمات والعبارات المكروهة والمحظورة في المجتمع؛ لأسباب دينية أو سياسية أو اجتماعية أو غير ذلك، وتركّز هذه الدراسةُ على هذا الفن اللغوي، وتكمن أهميتها في أن حسن التعبیر يُستخدم كثيراً في مجالات متعددة في الحياة، ويأتي الأدب والفن على رأس هذه المجالات، حيث يميل الأدباء كثيراً إلى استخدام العبارات حسن التعبیر لإيصال رسائلهم بصورة غير مباشرة، بحيث تعطي نفس المعنى الذي يريده الأديب ولكن بعبارة مرنة، مع مراعاة المشاعر، والابتعاد عن الكلمات المحظورة، وبتعبير آخر: حسن التعبیر هو التعبير عن المعنى المرّ بالكلمات الماتعة.

ولا شك أن "مەم و زين الخاني"، كعملٍ أدبيٍّ رفيعٍ، لا يخلو من الأساليب والتعابير المُتَلَطِّفة، واختيارُ هذا الموضوع يعود إلى أهمية حسن التعبیر في الأدب بصورةٍ عامةٍ، وفي "مەم وزين الخاني" بصورةٍ

خاصةٍ؛ لأن هذا العمل الأدبي يعكس خطاب أمير بوتان، وتحاول هذه الدراسة تحليل خطاب الأمير، والتركيز على التعابير المُتَلَطِّفة من منظور المنهج التحليلي المعجمي الدلالي، وكذلك إظهار دور التعابير المُتَلَطِّفة في إيصال الرسائل السياسية، ومدى تأثيرها في تقليل الآثار السيئة للتعابير المكروهة والمستهجنة، ومن هذا المطلق تم تقسيم الكلمات المعجمية على عدة مجموعات، مثل: استعارة الكلمات من اللغات الأجنبية، واستخدام المجاز، والجناس، ومن النتائج المتوخاة من هذا التحليل لخطاب الأمير هو استخدام واستعارة الكلمات من اللغات الأجنبية كالفارسية والعربية؛ لغرض الانصراف عن استخدام التعابير النابية والمكروهة، وبالتالي إخماد نار العداوة السياسية.

**الكلمات المفتاحية**: *حسن التعبير، خطاب أمير بوتان، مەم وزين أحمدي خاني، ديسفيميزم ، تابو.*

**The Role of Euphemism in the Discourse of the Prince of Botan in the Context of Ahmedi Khani's "Mem û Zin"**

**Abstract**:

Euphemism as a linguistic concept in practical linguistics which allows the use of beautiful and attractive statements instead of unpleasant, taboo and prohibited words and phrases in societal milieu, be it religious, political, social reasons, etc. The significance of this study is that the use of euphemism is used in many areas of life, so literature and art are not exempt from it. The writer often resorts to euphemisms to convey her/his message indirectly within a different form, in a more flexible manner, taking into consideration the emotional aspects thus avoiding the use of forbidden words.

Mam and Zin of Khani, as a literary work, is not devoid of euphemisms. The reason for choosing this title is due to the importance of using euphemisms in literature, especially Ahmedi Khani's "Mem û Zin", because it reflects the discourse of the Prince of Botan. In this study, based on the method of semantic lexical analysis, an attempt is made to identify and analyze the discourse of the Prince of Botan in terms of the use of euphemisms. The role and significance of euphemisms in conveying political messages is presented as well. Hence, to what extent do euphemisms dispel taboo expressions and dysphemism? For this purpose, an attempt has been made to divide the lexical statements into several groups, such as borrowing words from a foreign language, using metaphors and perception. One of the consequences of this interpretation of the discourse of the Prince of Botan in this literary text is the use and borrowing of words from foreign languages, such as Arabic and Persian to avoid taboo expressions and dysphemisms.

**Keywords:** *Prince of Botan discourse, Ahmedi Khani's "Mem û Zin", Euphemism, Dysphemism, Taboo.*